گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# تیۆری ڕەخنەیی هاوچەرخ لە کۆمەڵناسییدا

## توێژینەوەیەکی تیۆریی- شیکارییە

**م.ی. دانا لطیف شوانی**
بەشی پەروەردەی گشتی، کۆلێژی پەروەردە و زمان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستا، عێراق
Dana.jalal@lfu.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/١٢/٢١
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٢/٢
بڵاو کردنەوە: پایز ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**
*Criticism, Critical Sociology, Theory, Sociological Theory, Sociological Imaginational*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.3.7

## پوختە

تیۆری ڕەخنەیی هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیدا یەکێکە لە تیۆرە تازە سەرهەڵدراوەکان کە بایەخ و گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە، چونکە بە دیدێکی ڕەخنەیی لە کۆی ژیانی کۆمەڵایەتیی دەڕوانێت و، ڕووناکی دەخاتە سەر ئەو پانتایی و گۆشانەی ژیانی کۆمەڵایەتیی کە شایەنی ڕەخنەلێگرتنە. ئەم تیۆرە سەرەتای سەرهەڵدانی بەشێوەیەکی پەرش و بڵاو بۆ بەرهەمەکانی کۆنت و سپنسەر و دۆرکایم و ڤێبەر دەگەڕێتەوە، سەرهەڵدانی بە شێوەیەکی ئەکادیمی کە چوارچێوە و میتۆدۆلۆژیا و چەمکی خۆی هەبێت بۆ کارەکانی میڵز دەگەڕێتەوە کە کۆی ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و کولتووریی ئەمریکا دەخاتە بەر ڕەخنەوە و پێیوایە دەبێ کۆمەڵناسەکان خەیاڵێکی کۆمەڵناسانەیان هەبێت بۆ تێگەیشتن و خوێندنەوەیەکی ڕادیکاڵانەیان بۆ کۆمەڵگە هەبێت. دواتر، ئەم تیۆرە لای کۆمەڵناسانی وەك گۆڵدنەر و ڕێکس و بۆتۆمۆر بە لووتکەی خۆی گەیشت، بۆیە ئامانجی سەرەکییمان لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی دیدی ڕەخنەگرانەیە لە کۆمەڵناسییدا، ئەمەش لە ڕێگەی میتۆدی شیکاریی ناوەڕۆك و کتێبخانەیی ئەنجام داوە. لە ئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم تیۆرە ڕۆڵی باڵای هەیە لە ڕووبەڕووبونەوەی قەیرانە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی

گومانی تیا نییە کە زۆربەی تیۆرە کۆمەڵناسییەکان بە جۆرێك لە جۆرەکان هەڵگری تۆخمێکی ڕەخنەگرانەن، بەڵام هەر یەکەیان بە جۆر و شێوازی جیاواز دیدە ڕەخنەگرانەکەی خۆیان دەخەنە ڕوو. هەر بۆیە قسەکردن لەبارەی سەرەتاکانی دیدی ڕەخنەگرانە لە کۆمەڵناسیی کارێکی زەحمەت ونەکردەیە.

لە ڕاستیدا ئەگەر سەیری سەرەتاکانی سەرهەڵدانی کۆمەڵناسیی وەك زانستێك بکەین بە ڕوونی ئەوە دەبینین کە باکگراوندێکی ڕەخنەیی لە پشت فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی ئەو لقە زانستییەدا هەیە. بۆ نموونە ئۆگۆست کۆنت چەندان تێگەیشتنی ڕەخنەیی سەبارەت بە ڕەهەندە کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سایکۆلۆژییەکانی تاك لە کۆمەڵگە دەخاتە ڕوو، کە دواتر ئەم دیدە ڕەخنەییە لای بونیادگەراکان و ئەرکگەرا و، تەنانەت مارکسیستەکانیش دەرکەوتەوە و بایەخی تایبەتی پێ درا.

ئەوەش شایەنی سەرەنجە کە قوتابخانەی فرانکفۆرت بە قوتابخانەی ڕەخنەیی ناسراوە کە ڕۆڵێکی باڵا ومەزنی لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵناسییدا هەبووە، چونکە زانایانی ئەو قوتابخانەیە چەندین توێژینەوەی ڕەخنەییان لەبارەی تێگەیشتن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و، خود وکردە لە دۆخی شۆڕش وژیانی کۆمەڵایەتی ئەنجامداوە. توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی ورد قسە لەبارەی ڕەگ و ڕیشە فیکرییەکانی تیۆری ڕەخنەیی هاوچەرخ بکات و، پاشان بە گەڕانەوە بۆ بۆچوون و تیۆرەکانی هەریەکە لە سی ڕایت میلز و، ئالڤین گۆڵدنەر و، جۆن ڕێکس و، تۆم بۆتۆمۆر شێوە و ناوەرۆکی پێ ببەخشین، بەتایبەت ئەو دیدە ڕەخنەگرانەی هەیانبووە لە تێگەیشتن لە کۆمەڵگە و ژیانی کۆمەڵایەتیی، چونکە هەر یەك لەو کۆمەڵناسانە بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانەی جیاواز بابەتەکانی خۆی شیکردۆتەوە و دەکرێ بڵێین ڕەگ و ڕیشە فیکرییەکانیشیان تاڕادەیەك جیاوازە.

## 1: ڕەگوڕیشە فیکرییەکانی تیۆری ڕەخنەیی هاوچەرخ

لە ڕاستیدا قسەکردن لەبارەی ڕەگ و ڕیشە فیکرییەکانی تیۆری ڕەخنەیی هاوچەرخ لە کۆمەڵناسی کارێکی سانا و ساکار نییە، چونکە کۆمەڵناس و توێژەرەکان بۆچوونی هەمەچەشنییان لەبارەیەوە هەیە و هەر یەکەیان بۆ قۆناغ و سەردەمێکی دیاریکراوی دەگەڕێنەوە، هەر چەندە زۆربەیان لەسەر

ئەوە کۆکن کە تیۆری ڕەخنەیی هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیی لە سەرەتادا بە تیۆری ڕەخنەی ڕادیکاڵ یان باشتر وایە بڵێین کۆمەڵناسیی ڕادیکاڵ ناسرابوو، چونکە چەندان تیۆری کۆمەڵناسانە سەبارەت بە کایە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەکان خرایە ڕوو کە ڕوانگەیەکی ڕەخنەییان سەبارەت بەو بابەتە تیادا خرابووە بەرچاو.

ئەنتۆنی گیدنز کۆمەڵناسی بەریتانی، پێیوایە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی دیدی ڕەخنەیی لە کۆمەڵناسیی بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی تیۆری مارکسیزم لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە کە تیایدا بەشێوەیەکی ڕەخنەیی و ڕادیکاڵانە خوێندنەوە بۆ کۆی تێگەیشتنە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و کولتووریی و ئابوورییەکان دەکرا. (Giddens,1986: 157) هەروەها نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت کە بایەخدانی کۆمەڵناسیی بۆ کۆمەڵگە هەر لەسەرەتاکانی سەرهەڵدانییەوە بایەخپێدانێکی ڕەخنەیی بووە، بۆ نموونە لە بەرهەمەکانی کۆنت و سپنسەر و دۆرکایم و ڤیبەر و، تەنانەت پاریتۆش جۆرێك لە تێگەیشتنێکی ڕەخنەیی بۆ سیستەمی کۆمەڵایەتیی دەدۆزرینەوە کە ئەمانە بوونەتە بنەما و کۆڵەکە بۆ سەرهەڵدانی تیۆری ڕەخنەیی هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیدا بەتایبەت لای سی ڕایت میلز لە کتێبی «**خەیاڵکردنەوەی کۆمەڵناسانە**» و، دواتر لە بەرهەمەکەی ئاڵڤین گۆڵدنەر بەناوی «**قەیرانی داهاتووی کۆمەڵناسیی لە ڕۆژئاوا**» کە دەنگدانەوەیەکی باشی لە نێو کۆمەڵناسییدا لێ کەوتۆتەوە، دواتر بە وردی باسییان دەکەین و، کۆی ڕەهەندە ڕەخنەییەکانی بەرهەمەکانیان شی دەکەینەوە، بەڵام سەرەتاکانی سەرهەڵدانی تیۆری ڕەخنەیی هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیی بە شێوەیەکی ئەکادیمییانە بۆ سەرەتاکانی شەستەکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە بەتایبەت لە هەندێ لە تیۆرە کۆمەڵناسییەکان ڕەنگی داوەتەوە و بایەخی پێدراوە، کە هەوڵ دەدەین بە کورتی لەسەریان بوەستین و، پنتە ڕەخنەییەکانی تیۆرە کۆمەڵناسییەکە شی بکەیەوە:

## 1.1 تیۆری ئەرکگەرایی کلاسیك

سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی دەگەڕێتەوە بەتایبەت لە بەرهەمەکانی کۆنت و دۆرکایم و سپنسەردا بەرچاو دەکەوێت، تەنانەت بەشێك لە کۆمەڵناسەکان پێیانوایە کە ئەوانە دامەزرێنەری ئەرکگەرایی کلاسیکن، چونکە دیدگایەکی کۆنزەڤاتیزمانەیان بەرامبەر بونیاد و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان هەبوو، چونکە دۆخی وڵاتەکانیان لەو سەردەمەدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێویستی بە خوێندنەوەیەکی کۆنزەڤاتیزمانە هەبووە. (تقی، 2002: 28) بۆیە دەکرێ بووترێت سەرەتاکانی دیدی ڕەخنەیی بەشێوەی ئەکادیمی لە تیۆری ئەرکگەرایی کلاسیك خۆی مانڤێست کرد و، دواتر بەرەو قۆناغی پۆزەتیڤیزمی نویٚ ڕۆیشت وپۆزەتیڤیستەکان جارێکی تر ڕەخنەییانە لە کۆمەڵگەیان ڕوانیوە.

## 2.1 تیۆری پۆزەتیڤیزمی نویٚ

تیۆری پۆزەتیڤیزمی نویٚ **(neo-positivism)** پتر لە کارەکانی چەند بیرمەندێکی وەك لاندبێرگ و ستیوارت وورد ڕەنگی داوەتەوە کە تیایدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە تیۆرەکان ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نییە لە تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتیی و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر کۆمەڵگەدا دێت، بەڵکو پتر کاریگەرییان هەیە لە جەختکردنەوە لەسەر کۆمەڵێ دیاردە و شێوەی سروشتی و ماتماتیکانە کە تەبا و هەماهەنگ نین لەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان. (گیدنز، 2013: 268-270) هەر چەندە نابێ ئەوەش لە یاد بکەین کە پۆزەتیڤیزم جیاوازی جەوهەری لەگەڵ تیۆری ڕەخنەییشدا هەیە، چونکە تیۆری ڕەخنەیی دەرخەری هەڵسەنگاندنێکی جوانیناسانەیە لە بەرهەمە هونەرییەکان، هەر لەبەر ئەوەشە بەشێك لە کۆمەڵناسەکان پێیانوایە کە تیۆری ڕەخنەیی سەرەتا لە بایەخدانەکانی بۆ بەرهەمە هونەرییەکان لە نێو تیۆری پۆزەتیڤیزمدا سەریهەڵداوە. (لش، 2004: 222)

## 3.1 تیۆری ئەرکگەرایی مۆدێرن

سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە بۆ کارەکانی تاڵکۆت پارسۆنز دەگەڕێتەوە کە لە سەرەتای دەیەی هەشتا لە ڕووی کاریگەرییەوە بە لووتکە گەیشت و جێفری ئالیکسەندەر و پۆڵ کۆلۆمی بەم چەشنە پێناسەی ئەرکگەرایی مۆدێرن دەکەن و پێیانوایە یەکێکە لە بنچینەکانی تیۆری بونیادی کە بەشێوەیەکی گشتی ڕەخنە ئاراستەی خۆی دەکات و، هەوڵ دەدات پانتایی فیکریی ئەرکگەرایی بەرفراوان بکات، بێ ئەوەی کاریگەریی لەسەر ناوەرۆکە تیۆرییەکەی دابنێت. (ریتزر، 2006: 156) هەروەها ئەم تیۆرە جەخت لە پێکهاتنی کۆمەڵگە دەکاتەوە لە کۆمەڵێک تووخم کە بەردەوامی لەگەڵ یەك لە کارلێکدان و، دواجار ئەم کارلێکە دەبێتە هۆی درووستبوونی مۆدێلێکی دیاریکراو، دواتر ئەم مۆدێلە ڕێگە بە سیستەمی کۆمەڵایەتی دەدات تاکو لە ژینگەکەی جیا بکاتەوە، هەروەها سیستەمەکانی

کۆمەڵگە پەیوەندییەکی تۆکمەیان لەگەڵ یەکدا هەیە، بەڵام کارلێکەکانیان لەژێر یەك تەوژمی زاڵ قەتیس نابێت، بۆیە ئەم تیۆرە هەموو چەشنە جەبرگەراییەکی تاك هۆکاری ڕەت دەکاتەوە و بڕوای بە خەسڵەتی فرەگەرا هەیە، ئەمەش بە بنچینەی سەرهەڵدانی تیۆری ڕەخنەیی هاوچەرخ دادەنرێت(ریترز، 2006: 157).

## 4.1 تیۆری مارکسیزمی تەقلیدی

وێڕای ئەو سێ تیۆرەی باسمانکرد تیۆری مارکسیزمی تەقلیدیش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی تیۆری ڕەخنەیی هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیدا، کە ئەمەش لە دەرەنجامی ئەو قەیرانەی تووشی کۆمەڵناسیی هاتەوە، بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵێ بیرمەند هەوڵەکانی خۆیان بخەنەگەڕ لە پێناو چارەسەرکردن و ڕوانینێکی ڕەخنەگرانە لەسەر چەند پرسێك کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ژیانی کۆمەڵایەتییمانەوە هەیە، بەتایبەت چەند پرسێکی وەك پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و ئەو ململانێ چینایەتییەی بەهۆی پێشکەوتنی پیشەسازییەوە سەریهەڵدا، وێڕای باسکردن و شیکردنەوەی ڕۆڵی چینی پرۆلیتاریا لە کۆمەڵگە و لەو ململانێیە چینایەتییەدا(لالمان، 2015: 228).

## 5.1 تیۆری مارکسیزمی مۆدێرن

کۆمەڵێ مارکسیستی تازە هەوڵیاندا کۆمەڵێ ئەلتەرناتیف بخەنە ڕوو ئەویش لە پێناو چارەسەرکردنی ئەو قەیرانەی ڕووبەڕووی کۆمەڵناسیی بەشێوەیەکی گشتی و کۆمەڵناسیی مارکسیزم بەشێوەیەکی تایبەت بۆتەوە، هەروەها پاش هەوڵدان بۆ تێپەڕاندنی بۆچوونی مارکسیستە تەقلیدییەکان، ئەم دیدە بەتایبەت لای کۆمەڵناس تۆم بۆتۆمور بەرروونی ڕەنگیداوەتەوە و، تیۆرەکانیشی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە گەشەسەندنی تیۆری ڕەخنەیی هاوچەرخ لە کۆمەڵناسییدا، چونکە بەشێوەیەکی دیاریکراو لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو قەیرانی کۆمەڵناسیی دەرکەوت، هەر بۆیە بۆتۆمۆریش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لەو کاتەدا لە تێپەڕاندنی ئەو دۆخەدا.

لە هەمان کاتدا نۆرمان بیرنباوم لە کتێبی «**قەیرانی داهاتووی کۆمەڵناسیی مارکسیست**» بەوردی قسە لەبارەی ئەو قەیرانە دەکات کە ڕووبەووی کۆمەڵناسیی دەبێتەوە و، لەو چوارچێوەیەشدا

کۆمەڵناسی مارکسیست وردتر بەر ئەو قەیرانە دەکەوێت، هەر بۆیە بەگەڕانەوە بۆ بۆچوونەکانی بیرمەندەکانی تر هەوڵیدا کۆمەڵناسیی بۆ دوو ئاراستەی سەرەکیی دابەشبەندی بکات و، لەو ڕێگەیەوە ئەلتەرناتیڤێك بۆ ئەو قەیرانە بدۆزێتەوە:

**ئاراستەی یەکەم:** کۆمەڵناسیی ڕادیکاڵ: ئەم ئاراستەیە پتر بایەخ بەو دیدە دەدات کە پێویستە ڕادیکالانە لە کۆی کایەکانی کۆمەڵگە بڕوانرێت تاکو بتوانرێ بەشێوەیەکی ورد کێشەکانی کۆمەڵگە بەتایبەت کۆمەڵگە نیمچە پێشکەوتووەکان چارەسەر بکات ئەمەش بەهۆی ئەو دواکەوتوویییەی ڕووبەڕوویان بۆتەوە.

**ئاراستەی دووەم:** کۆمەڵناسیی ڕەخنەیی: ئەم ئاراستەیان پتر پەیوەستە بە کۆمەڵناسیی مارکسی و مارکسیزم بەشێوەیەکی گشتی، ئەندامانی قوتابخانەی فرانکفۆرت ڕۆڵێکی باڵایان گێرا لە بەرەوپێشبردنی تیۆری ڕەخنەیی و کۆمەڵناسیی ڕەخنەیی بەشێوەیەکی دیاریکراو، کە بەروونی لەبەرهەمەکانی هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ و مارکیۆزە و هابەرماس بەرچاو دەکەوێت، تا ئەوەی دواتر تیۆری ڕەخنەیی بووە تیۆرێکی سەربەخۆ لە کۆمەڵناسیی و چوارچێوە فیکرییەکەی داڕێژراوە (Birnbaum, 1968: 346-355).

## 2: س. ڕایت میلز و خەیاڵی کۆمەڵناسانە

سی ڕایت میلز لە ساڵی 1918 لە ویلایەتی تەکساس لە دایکبووە و، لە خێزانێکی چینی مامناوەند پەروەردە بووە، ئەو لە ساڵی 1939 بە پلەی سەرووی لێنسانس لە کۆمەڵناسی زانکۆی تەکساسی تەواوکردووە، بەر لە وەرگرتنی بڕوانامەی زانکۆیی دەیان توێژینەوە و وتاری لە گۆڤاری کۆمەڵناسی بڵاوکردەوە کە ئەو کاتە **هەوارد بێکەر** سەرنووسەری ئەو گۆڤارە بووە لە ئەمریکا. میلز بەشێکی زۆری ژیانی خۆی لە ساڵی 1945ەوە تاکو کاتی مردنی لە زانکۆی کۆلۆمبیا سەرقاڵی کارکردن بووە، هەر لەو مایەوەشدا، خزمەتێکی زۆری بە بواری کۆمەڵناسی گەیاند لە ئەمریکا. (ریترز، 1995: 35) هەروەها لە زانکۆی کۆلۆمبیا وانەی گوتۆتەوە و ئەندامی ناوەندی توێژینەوە کۆمەڵایەتییە ئەزموونییەکان بووە. میلز یەکێك بووە لە کاریگەرترین کۆمەڵناسانی قۆناغی دوای جەنگی جیهانی دووەم. ئەکادیمیی و زانکۆییەکان و هاوڵاتیانی ئاسایش بەرهەمەکانیان کڕیوە و خوێندویانەتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

میلز چەندین پرسیاری جدی و پڕبایەخی سەبارەت بە ئەرکی ڕاستەقینەی دیموکراسیی لە ئەمریکا خستۆتەڕوو، کە بۆتە هۆی سەرەنجڕاکێشانی چالاکوانانی ئەو بوارە. (سیدمن، 2007: 133)

هەروەها جێگەی سەرەنج و ئاماژەدانە کە میلز پێش ئەوەی بتوانێ سیستەمە فیکریی و کۆمەڵناسییەکەی خۆی بە شێوەیەکی بەهێز و تۆکمە بنیاد بنێت، بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە لە کۆمەڵگای ئەمریکا و، ڕەوشی کۆمەڵناسی لەو وڵاتەی کۆڵیوەتەوە. هەر بۆیە دەبێ لێرەوە باس لە کاریگەرییەکانی سەر میلز بکەین. میلز وێڕای ئەوەی کۆمەڵناسە مەزنەکانی ئەڵمانیا کاریگەرییان بەسەریەوە هەبووە، بەڵام هەردوو نموونەی فیکری نەریتی کۆمەڵناسیی ئەمریکاش کاریگەری لەسەری هەبووە. هەروەها لووتکەی یەکێك لە ڕەوتە فیکرییەکان پێکدێنێت کە هەم ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی نەریتی ئەمریکییەوە و، هەم لەڕێگەی نەریتی ئەڵمانییەوە کاریگەری لەسەر میلز هەبووە. ڕەوتەکەی تریش بریتییە لە ڕەوتی مید-بلۆمەرە کە لەو سەردەمەدا سێبەری بەسەر کۆی بیرکردنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبووە. (تنهایی، 1998: 522)

## بنەڕەتەکانی بیری ڕەخنەیی میلز

سی ڕایت میلز سەرتۆپکەی کۆمەڵناسیی ڕەخنەییە لە ئەمریکا. بێگومان میتۆدی میلز میتۆدێکی تەواو ڕەخنەیی نەبوو لە کۆمەڵگە ئەمریکییدا، بەڵکو بیلز بەدوای دۆزینەوەی چەند میکانیزم و ئامرازێکدابوو بۆ ئەوەی بتوانێ دۆخی ئەوکاتیی ئەمریکا بگۆڕێت، بۆیە هەوڵدان بۆ گۆڕینی دۆخیی هەنوکەیی جۆرێکە لە تێگەیشتنێکی ڕەخنەییانە بۆ ئەو دۆخە.

لە ڕوانگەی میلز یەکەمین مەرج بۆ دەستپێکردن بە کارێکی کۆمەڵناسانە یان توێژینەوەیەك پێویستە خەیاڵێکی کۆمەڵناسانەمان هەبێت. لە دیدی ئەو، توێژینەوە کلاسیکەکان هەڵگری ئەم خەیاڵە کۆمەڵناسییانە بوون، واتە توێژەرانی کلاسیك سەرەتا خەیاڵێکی کۆمەڵناسانەیان هەبوو، دواتر ئەو خەیاڵەیان لە توێژینەوەکانی خۆیان بەکاردەهێنا. (میلز، 2005: 136)

لە ڕوانگەی میلز کۆمەڵناسانی ئەمریکیی بەرامبەر بابەتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکی بۆچوون و ڕایەکی ئەوتۆیان نەبووە، نەك ئەوەش بەڵکو بگرە شایەنی ئەوە نییە کە ئەو ئەرکەشییان هەبێت، چونکە تەنیا پابەندن بە میتۆدە کلاسیك و نەریتییەکانەوە. (میلز، 2005: 36) لێرە ئێمە بەر ئەو دیدە ڕەخنەییەی میلز دەکەوین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەکادیمی و کۆمەڵناسەکان. هەربۆیە میلز دەیەوێ

ئاراستە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسیی باس بکات، چونکە ئەو پێیوایە کۆمەڵناسی ئەمریکی خۆی لەو سێ ڕەوت و ئاراستە دەبینێتەوە:

**ئاراستەی یەکەم:** تایبەتە بە زانستی مێژوو، کە کۆمەڵناسەکان بە ڕوونی شوێنپێی کۆنت و مارکس و سپنسەر و ڤێبەرییان هەڵگرتووە، ئەم ڕەوتە هەوڵەکانی لە پێناو تاوتوێکردنی تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتییانەی مرۆڤ دەخاتە گەڕ.

**ئاراستەی دووەم:** لە چییەتی مرۆڤ و کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێت کە تیایدا مێژوو بە شێوەیەکی گشتی پەراوێزخراوە، باشترین و گونجاوترین نموونەش بۆ ئەم ڕەوتە تاڵکۆت پارسۆنزە.

**ئاراستەی سێیەم:** گوزارشتە لە توێژینەوە ئەزموونییەکان سەبارەت بە واقیعە کۆمەڵایەتییە هەنووکەییەکان، کە بەرهەمەکانی سامویل ستۆفەر، جۆرج لاندبێرگەر، ستوارت لازارسفێڵد ڕەنگی داوەتەوە کە ئامانجە سەرەکییەکەیان بریتییە لە بایەخدان بە چەندێتی و میتۆدی توێژینەوەی چەندایەتی. (میلز، 2005: 37-38)

## کۆمەڵناسی ڕەخنەیی و خەیاڵی کۆمەڵناسانە

پەیبردن بە جیهانی کۆمەڵایەتی و ئەو جیهانەی لەسەرووی ئەویشەوەیە بە گەشەسەندنی ڕوانگەی کۆمەڵناسانەی ئێمەوە پەیوەستە. سی ڕایت میلز ئەم ڕەوتە وەك خەیاڵی کۆمەڵناسیی وەسف دەکات. لای میلز، خەیاڵی کۆمەڵناسانە ئەو ڕوانگەیەیە کە تاك دەیەوێ نیگایەکی کورتبین و دەمارگیرانەی خۆی بەرامبەر جیهان فراوان بکات. ڕوانگەی ئاسایی و باومان لەبارەی ئەزموونە ڕۆژانەییەکان، بەو شتانەوە سنووردارە کە لە ژیانی ڕۆژانەدا لە دەوروبەرمان ڕوودەدەن. چاکسازی لە خەیاڵی کۆمەڵناسانە بەو مانایەیە کە ڕوانگەی تاك لە پێگە کەسییەکان باڵاتر دەڕوات، بەرامبەر پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەری خۆی هوشیار دەبێتەوە و، ڕوانگەیەکی فراوانتری بەرامبەر کۆمەڵگە دەبێت. میلز پێیوایە لە ڕێگەی ڕەوت و ئاراستەیەکی لەم چەشنەوە، ئەزموونەکانی تاك لە ناخی هەلومەرجە کۆمەڵایەتیی-مێژووییە بەرفراوانترەکان هەست پێ دەکرێت (عضدانلو، 2006: 137).

کۆمەڵناسیی یارمەتیمان دەدات تاکو باشتر بە ئەزموون و، گرفت و ئاسۆکانمان بەرین. خەڵك لە گفتوگۆییە ڕۆژانەییەکان پێیخۆشە جیاوازی لە نێوان پرس و گرفتە کەسییەکان و بابەتە گشتییەکان بکات. ئێمە وا گریمان دەکەین کە پرس و گرفتە کەسییەکان ڕەنگدانەوەی ئەزموونە ڕاستەوخۆکان

و، پەیوەندی کەسیین، چارەسەرکردنیشی هەر لە دەستدا تاکەکاندایە. بە پێچەوانەوە، بابەتە گشتییەکان باڵاتر لە ئەزموونە کەسییەکانە و، لەم ڕووەوە، ئەشێ ئاڵۆز و ئەبستراکتر بێتە بەرچاو. ئـەگەر چی بەها گشتییەکان زۆرجار دەکەوتنە بەر هەڕەشەوە و، ئێمە نازانین کە ئەو بەهایانە بەراستی چین و بۆچی دەکەونە بەر هەڕەشەوە، بەڵام مەیلی ئەوەشمان هەیە کە بابەتە گشتییەکان لە پرسە کەسییەکانەوە جیا بکەینەوە، بەڵام لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی، ئەم دووانە لە یەکتر جیانەبونەتەوە و ئاوێزانی یەکتر بوونە. لای میلز، بێ پەیبردن بەم دوانە و پەیوەندی نێوانیان، نە ژیان و نە مێژووی کۆمەڵگە هیچ کامیان شایەنی پەیبردن نین(Mills, 1959: 3).

بۆ نموونە، دەربەدەری و بێ ماڵ و حاڵی تراژیدیایەکی کەسییە. هەموو کەسێکی دەربەدەر چەندان چیرۆکی بۆ ڕوونکردنەوەی دەربەدەریەکەی هەیە. ئەم چیرۆکانە زۆرجار لەخۆگری گرفتە خێزانی و نەخۆشییە دەروونیی و ئاڵودەبوو و خوگرتووەکانە، بەڵام دەربەدەری گرفتێکی کۆمەڵایەتییشە. دەربەدەری ڕەگوڕیشەی لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی وەك کەمبوونەوەی بودجە بۆ نیشتەجێبوونی خێزانی کەم دەرامەت، و زیادبوونی ڕێژەی تەڵاقە.

خەیاڵی کۆمەڵناسانە یارمەتیمان دەدات تا پەی بەم خاڵە بەرین کە ناکامی و شکستە کەسییەکان زۆرجار ڕووحی تەوژمە کۆمەڵایەتییەکانە. ئەم تەوژمانە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی تاکن و تەنها لە ڕێگەی مۆدێلە کۆمەڵایەتییەکانەوە شایەنی ڕوونکردنەوەن. هەروەها خەیاڵی کۆمەڵناسانە یارمەتیمان دەدات تا گرفتە کەسییەکانمان باشتر دەرك بکەین. کچێکی سی و پێنج ساڵیی لەپێشچاو بگرە کە هاوسەرگیری نەکردووە و پرسیار لە خۆی دەکات کە گرفتە کەسییەکانی چییە کە هێشتا پیاوێکی بەدڵی خۆی دەستنەکەوتووە. خەیاڵی کۆمەڵناسانە ئەم خاڵە ڕوون دەکاتەوە کە هۆکاری شوونەکردنی ئەشێ بەهۆی فشارە ئابوورییەکانی سەر گەنجان، بێکاری، نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونی سەربەخۆ ... هتد بێت. کۆمەڵناسی ناتوانێ پەیمانی دۆزینەوەی هاوسەر و پیاوێکی گونجاو بەم کچە بدات، بەڵام دەتوانێ یارمەتی ئەو کچە بدات بۆ ئەوەی باشتر لە گرفتە کەسییەکانی خۆی تێبگات. کۆمەڵناسی دەتوانێ کاریگەری تەوژمە کۆمەڵایەتییەکان، بەسەر پرسە کەسییەکانەوە ڕوون بکاتەوە و هێز بە تاکەکان بدات بۆ ئەوەی ڕووبەرووی گرفتەکانی داهاتوویان ببنەوە. بەشێوەیەکی گشتی ئەشێ بڵێین پەیوەندی نێوان بابەت و پرسەکان لە دڵەراوکێییە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسییە. پەیبردن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە پەیوەندییەکی لەم چەشنە، پەیوەستە بە چۆنایەتی خەیاڵی کۆمەڵناسانەوە. خەیاڵی کۆمەڵناسانە، ئامرازێکی بەهێزە بۆ بەیەکەوەبەستانی ژیانی کەسیی تاکەکان بە تەوژمە مێژوویی-کۆمەڵایەتییەکانەوە. لە جیهانی ئەمرۆدا، خەیاڵی کۆمەڵناسانە یارمەتیمان دەدات تا پەیوەندی و وابەستەیی وڵاتان، نەتەوە و نەژادە جیاوازەکانی جیهانی باشتر دەرك بکەین(Turner, 2006:387).

## گرنگترین بەرهەمەکانی میلز

خەیاڵی کۆمەڵناسانە Sociological Imagination (1959)، نوخبەکانی دەسەڵات Power Elite (1959)، یەخە سپییەکان White Caller(1951)، مارکسیستەکان The Marxists (1962)، یانکی گوێبگرە Listen Yanki(1960)،

هۆکارەکانی جەنگی جیهانی سێیەم (The Causes Of World Three) (1958)، کەسایەتی و بونیادی کۆمەڵایەتی Character And Social Structure، لە بارەی ماکس ڤێبەرەوە (From Max Weber)(1948)، پیاوانی تازەی دەسەڵأت The New Men Of Power (1948)، وێنەکانی مرۆڤ (Images Of Man).

## 3: ئاڵڤین گۆڵدنەر و قەیرانی داهاتووی کۆمەڵناسیی خۆرئاوا

## کورتەی ژیان و بەرهەمەکانی

ئاڵڤین گۆڵدنەر لە ساڵی 1920 لە نیویۆرك دایکبووە، لە کۆلێژی ئانۆك (Antioch) کۆمەڵناسیی خوێندووە و، لە زانکۆی واشنتۆن بۆتە پرۆفیسۆری کۆمەڵناسی. پاش ماوەیەك لە خزمەتکردن لەو زانکۆیە، بۆتە سەرۆکی بەشی توێژینەوە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ساڵی 1962. ئەو تاکو مردنی لە ساڵی 1980 چەندین بەرهەمی ناوازە و گرنگی ئەکادیمی نووسیوە کە سەرەنجی کۆی ئەکادیمیست و نوسەرانی بواری کۆمەڵناسیی و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی بەرەو لای خۆی ڕاکێشاوە. گرنگترین بەرهەمەکانیشی بریتیی بوون لە: (چەند توێژینەوەیەك لەبارەی سەرکردە 1950)، (شێوازەکانی بۆرۆکراسییەتی پیشەسازی 1954)، (توێژینەوەیەك لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان بەڕێوەبەر و کرێکار 1954)، (شیکردنەوە ڕێکخراوەییەکان 1959)، (شیکردنەوەی تیۆری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەرکگەرایی 1960)، (ئەفسانەی کۆمەڵناسیی بەهای ئازاد 1964)، (ئەفلاتوون 1967)، (قەیرانی داهاتووی کۆمەڵناسیی خۆرئاوا 1970)، (بۆ کۆمەڵناسیی: ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵناسیی ئەمرۆ 1973)، (دیالێکتیکی ئایدۆلۆژیا و تەکنەلۆژیا 1976)، ( داهاتووی ڕۆشنبیران و سەرهەڵدانی چینی تازە 1979)، (دوو مارکسیست 1980). لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین بە وردی لەسەر ئەو دیدە ڕەخنەگرانەییەی گۆڵدنەر سەبارەت بە کۆمەڵگە و کۆمەڵناسیی هەیبووە بوەستین. بە گەڕانەوە بۆ بەرهەمە ڕەسەنەکانی خودی گۆڵدنەر خۆی، تاوەکو بتوانین بەشێوەیەکی ڕاست لە بۆچوونەکانی تێبگەین.

بەشێوەیەکی گشتی گۆڵدنەر لە کتێبی **قەیرانی داهاتووی کۆمەڵناسیی خۆرئاوا** ئاماژە بە دۆخی قەیرانیی دەیەکانی شەست و حەفتا دەکات، بەتایبەت شیکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە ڕەگ و ڕیشە مێژوویی، کۆمەڵایەتیی و چینایەتیەکانی کۆمەڵناسیی لە پۆزەتیڤیزمەوە تا ئەرکگەرایی، هەڵبەت چوارچێوەی سەرەکیی بەرهەمەکانیشی ڕەخنەگرتنێکی بەرفراوانە لە کۆمەڵناسیی خۆرئاوا و قوتابخانەی بونیادی ئەرکگەرایی پارسۆنز وەك پارادایمێکی زاڵ لەو سەردەمەدا، هەر بۆیە لەم ڕووەوە لینکێك لە نێوان ئەو پارادایمە زاڵە و دۆخی کۆمەڵناسیی لە ئەمریکا لەو کاتەدا دەخاتە بەر ڕەخنەوە.

ئەوەی جێگەی سەرەنجە ئەوەی بەرهەمەکەی گۆڵدنەری سەرەنجراکێشتر و ئەکادیمیتر کردووە تێگەیشتنێکی کۆمەڵناسانەی خستۆت ڕوو سەبارەت بە کۆمەڵناسی. هەر بۆیە گۆڵدنەر نەك تەنیا تیۆرە کۆمەڵناسییەکان بە بێ بەها نازانێت، بەڵکو پێداگریی کۆمەڵناسەکان سەبارەت بە سوودوەرگرتن لە میتۆدە ئەزموونییەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە و، بە پێچەوانەی زۆربەی کۆمەڵناسەکانەوە بێلایەنی ئاکاریی و بایەخدان بە میتۆدە زانستییەکان بێ ئەملا و ئەولا پەسەند ناکات و، پێیوایە کۆمەڵناسەکان دەبێ سەرلەنوێ بەرگێکی تازە بە بەر میتۆد و تیۆرەکانی خۆیاندا بکەن و بیخەنە بەر ڕەخنەوە. هەر بۆیە گۆڵدنەر پێیوایە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی قەیران لە کۆمەڵناسیی بۆ دوو هۆکار دەگەڕێنێتەوە کە ئەوانیش ڕەهەندی ئازادیبەخش و ڕەهەندی چەپێنەریەتی. بۆیە ئامانجی گۆڵدنەر وەك کۆمەڵناس بەرفراوانکردنی ڕەهەندی ئازادیبەخشی

کۆمەڵناسیی و ئەو ڕۆڵ هوشیارانەی هەیەتی لە وریابوونەوە بەرامبەر هەڵەکانی ڕابردوودا (Gouldner, 1970: 7-15.).

## کۆمەڵناسی و وردە کۆمەڵناسی (sociology and sub-sociology)

بەڵگەنەویستە لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدە کۆمەڵناسی وەك زانست دامەزرا، هەر چەندە ڕوونە کە ئۆگۆست کۆنت ئەو زانستەی دامەزراندووە، بەڵام گۆڵدنەر گووتەنی هێشتا بۆ تەواوی خەڵك ڕوون نەبۆتەوە کە کۆمەڵناسی بە کەڵکی چی دێت و بۆچی پێویستە بۆ کۆمەڵگە، بەڵام لەبەرئەوەی پێشقەچوونێکی بەرچاوی بە خۆیەوە نەبینی لەو کاتەدا ئەویش بەهۆی ئەو دووبەرەکێییەی لە نێو ئەو زانستەدا پەیدابوو هۆکاربوو لە لاوازکردن و تەنانەت قەتیسکردنی لە چواچێوەیەکی دیاریکراودا. هۆکاری دورستبوونی ئەو دووبەرەکێیەش دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم: پەیدابوونی مارکسیزم لە خۆرئاوا کە لە دوای یەکەم جەنگی جیهانی یەکەم کۆمەڵناسی وەك زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی فەرمی لە سۆڤیەت ناسێنرا؛ دووەم: کۆمەڵناسیی ئەکادیمی لە خۆرئاوا کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە وەك بوارێکی ئەکادیمیکی زانکۆیی هاتە ئەمریکاوە و کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر کولتووری ئەمریکی دانا(Gouldner, 1970: 20).

گۆڵدنەر کۆمەڵناسیی بۆ دوو ئاراستەی سەرەکیی دابەشکرد ئەوانیش: کۆمەڵناسیی مارکسی و کۆمەڵناسیی ئەکادیمی بوو. کۆمەڵناسی مارکسی لە ناوچەیەك دروستبوو کە پیشەسازیبوون بەشێوەیەکی ئارام گەشەی دەکرد، هەر بۆیە مارکسییەکان پێیانوابوو کە گرفتە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگە بەهۆی ململانێیەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرنە و، لەم چوارچێوەیەش پەرە دەستێنێت و تاکە ڕێگاچارەش لەم پێناوەدا شۆڕش و گۆڕانکارییە لە تەواوی سیستەمەکەدا. بەڵام کۆمەڵناسیی ئەکادیمی کە لە دوای دروستبوونی گرووپی کۆمەڵناسیی لە ساڵی 1889 لە ئەمریکا لە زانکۆی کانزاس وەك گرووپێکی فەرمی سەریهەڵدا و، پاشان لە زانکۆکانی وەك هارڤارد و شیکاگۆ پەرەی سەند کە پێیانوایە کۆمەڵگە مرۆییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پەرەسەندندان و، کۆمەڵگە و شاریش بەم هۆیەوە ڕووبەرووی دەیان کێشە و دیاردەی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە کە دەکرێ لە ڕێگەی ناوەندە ئەکادیمییەکانەوە چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، بێ ئەوەی شۆڕش بەسەر سیستەمەکەدا بکرێت(ریترز، 1995: 61).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها گۆڵدنەر پێیوایە قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵناسی فرە و هەمەچەشنن، هەر بۆیە لە چوار قۆناغ پۆلینبەندی کردووە:

**قۆناغی یەکەم:** هاتنەکایەوە و فراوانبوونی بیرکردنەوەی پۆزەتیڤیزم لە چارەگی یەکەمی سەدەی نۆزەدە لە فەرەنسا.

**قۆناغی دووەم:** دەرکەوتن و بەهێزبوونی مارکسیزمە کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە هەوڵی دەدا کە ئایدیالیزمی ئەڵمانی تێبپەڕێنێت و، خۆی لەگەڵ سۆسیالیزمی فەرەنسی و ئابووری بەریتانیا بگونجێنێت، کاریگەرترین کۆمەڵناسیش لەم بوارە کارل مارکسە.

**قۆناغی سێیەم:** سەرهەڵدانی کۆمەڵناسیی کلاسیك ئەویش لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و پێش ڕوودانی جەنگی یەکەمی جیهانی کە دەکرێ ئەم قۆناغە بە قۆناغی یەکانگیری و کۆدەنگی لەقەڵەم بدرێت، چونکە زۆرینە لە هەوڵی دۆزینەوەی ئامراز و میکانیزمێکدا بوون تاکو بتوانن کەموکوڕیی و کێماسییەکانی قۆناغی یەکەم و دووەم پڕ بکەنەوە یان پێشنیاری ڕێگای سێیەم بکەن کە چەند کۆمەڵناسێکی وەك ماکس ڤیبەر و دۆرکایم و پاریتۆ ڕێبەرایەتی ئەو ڕەوتەیان دەکرد.

**قۆناغی چوارەم:** ئەم قۆناغە سەرەتاکانی بە قیتبوونەوەی تیۆری ئەرکگەرایی لە لایەن تالکۆت پارسۆنزەوە دەناسرێت کە بەدرێژایی دەیەی 1930 لە ئەمریکا کاریگەری هەبوو، چونکە ئەم تیۆرە لە لایەن تاڵکۆت پارسۆنز و قوتابییەکانی لە زانکۆی هارڤارد بەشێوەیەکی ئاڵۆز و بەربڵاو بایەخی پێدرا (Gouldner, 1969: 120-129).

## قەیرانی کۆمەڵناسیی خۆرئاوا

قەیران بەشێوەیەکی گشتی چییە؟ و قەیرانی کۆمەڵناسی بەشێوەیەکی تایبەت بە چ مانایەك دێت؟ قەیران بە مانای چەندین وەرچەرخانی خێرا و خۆ بەخۆ کە بەهۆییەوە ململانێیەکی توند و بارگرژییەکی بەهێز کۆی سیستەمەکە دەگرێتەوە کە ناچارە لە پێناو مانەوەییدا هەموو هەوڵەکانی خۆی بخاتەگەڕ کە دەشێ لە ماوەیەکی کەمدا کۆی سیستەمە گۆڕانی قووڵی بەسەردا بێت و پێگەکەی بەرادەیەك بگۆڕدرێت کە لە بەراورد بە پێگەی پێشتری بەتەواوی تایبەتمەندییەکانی ئاوەژوو ببێتەوە و سیستەمێکی تازە قووت ببێتەوە، هەروەها نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت ئەو کاتەی سیستەمێك لە کۆمەڵگە ڕووبەڕووی قەیران دەبێتەوە، ئەوا کۆی ژیانی کۆمەڵایەتیی پەیوەست بە و سیستەمە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گۆڕانی بەسەردا دێت، و ژیانیش شێوە و ناوەرۆکێکی تازە بەخۆیەوە دەبینێت. هەر بۆیەشە بە گەڕانەوەمان بۆ ئەو تێگەیشتنانەی سەرەومان سەبارەت بە قەیرانەکان، گۆڵدنەر پێیوایە کۆمەڵناسیی خۆرئاوا ڕووبەرووی قەیرانێکی قووڵ بۆتەوە کە دواتر بەوردتر باسی دەکەین کە مەبەستی ئەو لە قەیرانی کۆمەڵناسیی خۆرئاوا قوتابخانەی ئەرکگەراییە کە هۆکارێکی کاریگەرە لە دەرکەوتنی قەیرانەکە (گلدنر، 1987: 35-38).

## دەوڵەتی خۆشگوزەران و ئەرکگەرایی

تیۆری ئەرکگەرایی هەر لەسەرەتای پەیدابوونی پۆزەتیڤیزمەوە بڕوای بە گەشەکردنی سروشتیی و خۆڕسکی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان بووە، هەر لەم ڕووەشەوە بایەخێکی ئەوتۆی بە دەوڵەت نەداوە تەنانەت بە مەبەستی هێنانەکایەوەی هەلومەرجی داواکراو بۆ چینی کرێکار و جێگیرکردنی لە کۆمەڵگەدا، جەختی لەسەر ڕۆڵی تەکنەلۆژیای تازە، زانست و دابەشکردنی کار و پەیدابوونی پرەنسیپە ئاکارییە گونجاوەکان لەگەڵ کۆمەڵگەی پیشەسازی کردەوە و ڕۆڵی دەوڵەت لەم چوارچێوەیەدا بە بێ بایەخ تەماشا کراوە، دۆرکایمیش یەکێك بووە لەو کەسایەتییانەی کاریگەرییەکی زۆری لە دروستبوونی تیۆری ئەرکگەرایی پارسۆنز هەبووە پێیوابووە کە دەوڵەت بە هیچ شێوەیەك توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەوروپای مۆدێرنی نەبووە بەتایبەت لە پرسی لاوازی ئاکاری و ئەنۆمییدا، چونکە دەوڵەت پێویستە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت. لە بری دەوڵەت پێویستە سەندیکا پیشەییەکان لە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگەدا بن. هەروەها ئەرکگەراکان پێیانوبووە هۆکار بوونی نییە، بەڵکوو هەموو کردەیەك کاریگەری بەسەر هەموو شتێکەوە هەیە، بەمانایەکی تر، سیستەم بە یەکەیەك دادەنرێت کە لە چەند گۆڕاوێك پێکدێن و هەر یەکەیان کارلێك لەگەڵ یەك دەکەن(گلدنر، 1987: 107-109).

گۆڵدنەر پێیوایە لە نێوان دەوڵەت و تیۆری ئەرکگەراییدا چەند پێکدژییەك بوونی هەیە، بۆ نموونە تیۆری ئەرکگەرایی بە دیدێکی گەشبینانەوە لە کۆمەڵگەی هاوچەرخ دەڕوانێت و گرفتەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن و خواروخێچییەکانی بە بێ بایەخ سەیر دەکات، لە کاتێکدا دەوڵەتی خۆشگوزەران ناچارە بۆ بەدەستهێنانی پارێزگاری خەڵك ئەم گرفت و خوار و خێچییانە بە قەیران لەقەڵەم بدات، بەم چەشنە، دەوڵەتی خۆشگوزەران لانیکەم پێویستی بە کۆمەڵناسیی ڕەخنەیی هەیە و ئەمەش بە

مانای فشارخستنەر ئەرکگەرایی بەمەبەستی گۆڕینی گریمانە سەرەکییەکانی خۆی (گلدنر، 1987: 112).

لێرەوە دەکرێ بڵێین گۆڵدنەر پێیوایە کۆمەڵناسیی ڕووبەڕووی قەیران دەبێتەوە و، ئەو قەیرانەی تیایدا سەرهەڵدەدات بە هۆی ئەرکگەراکانەوەیە، هەر بۆیە ئەرکگەراکان و دید و بۆچوونەکانیان بە خاڵی دروستبوونی قەیران لە کۆمەڵناسی لە قەڵەم دەدرێت، چونکە ئەوان پێیانوایە کێشەکانی کۆمەڵگە مرۆییەکان لە دنیای هاوچەرخ پێویستی بە شیکردنەوە و چارەسەر نییە، بەڵکو ئەو کێشانە بێ بایەخن و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی کۆمەڵایەتیی گشتییەوە نییە.

## 3: جۆن ڕێکس و ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگە

شیکردنەوەی ڕەخنەگرانەی هاوچەرخ پەیوەستبووە بەو بەشدارییانەی کۆمەڵناسیی بەریتانیی جۆن ڕێکس کە لە کۆتایی شەستەکان دەرکەوت تاکو ئەم سەردەمەش هەر بەردەوامە ئەمەش بۆ دەوڵەمەندکردنی تیۆری سۆسیۆلۆژی و میتۆدەکانی توێژینەوە بە ڕێژەیەکی زۆر ئەویش بە سیمایەکی ڕەخنەگرانە کە لەم چەند دەیە لە بەریتانیا و وڵاتانی ئەوروپا دەرکەوت لەبەرئەوە تیۆری ڕەخنەیی هاوچەرخ تەنیا بە بەشدارییەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت قەتیس نابێت کە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم، بەڵام تا ئێستاش ئەم بەشداربوونە لە ڕێگەی دوایین پێشەنگە هەرە بەناوبانگەکان کە هابرماسە بەردەوامە، بەهەرحاڵ قوتابخانەی ڕەخنەیی هاوچەرخی بەریتانیی کە ڕەگ و ڕیشە بەراییەکەی بۆ میلز دەگەڕێتەوە وەك ئەوەی پێشتریس ئاماژەمان پێیدابوو یارمەتییەکی کۆمەڵناسە بەریتانییەکانی داوە وەك ڕێکس و تۆم بۆتۆمۆر، ئەم دوو بیرمەندە لە ژێر کاریگەری کتێبەکەی میلز دابوونە بەناوی خەیاڵی کۆمەڵناسانە کە وەك چارەسەری قەیرانەکانی کۆمەڵگەی ئەوروپی و سەرمایەداری تەماشا دەکرێت.

شیکردنەوەکانی جۆن ڕێکس چەند تایبەتمەندییەکی هەبووە کە ڕەخنەگرانەیە لەسەر بنەمای تیۆرێکی پوختەکراو و توێژینەوە ئەزموونییەکان ڕاوەستاوە. ئەم توێژینەوانەی کە دەروازەیەکی ڕەخنەییی هاوچەرخ بنیات دەنێ بۆ لێکۆڵینەوەی زۆربەی گرفتەکان کە ڕەچەڵەك و جڤات و وردە کولتوورەکان کە ڕیکس جەختی لەسەریان دەکردەوە ئەویش بە دراسەی کۆچبەرە پۆڵەندی و هندییەکانی بەریتانیا لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی، ڕێکس جەختی لەسەر ئەو کۆچبەرانە

دەکردەوە لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسانەوە هەر ئەمەش ناوبرا بە کۆمەڵناسیی ناوچەی ڕاگواستن(السید الحسینی، 1985: 141-142).

لێرەدا هەوڵ دەدەین بە گوێرەی توانا بۆچوونە ڕەخنەییەکان ئەو کۆمەڵناسانە بخەینەڕوو بەتایبەت تیۆر و تێگەیشتنەکانی جۆن ڕێکس، ئەمەش لە پێناو پوختەکردنەوەی بۆچوونە ڕەخنەییەکانی کە دەکرێ بەم چەشنە دابیرێژین و پوختی بکەینەوە:

### 1. ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵناسی هاوچەرخ

بایەخپێدانەکانی ڕێکس بۆ تیۆری کۆمەڵناسی دەکرێ لە بەرهەمە بەرابییەکانیدا بیدۆزینەوە و پەییان پێ بەرین، بەتایبەت لە دوو کتێبی سەرەکییدا ئەوانیش (گیروگرفتە بنەڕەتییەکانی تیۆری کۆمەڵناسی) کە لە ساڵی 1961 بڵاوکرایەوە و (دۆزینەوەی کۆمەڵناسی) کە لە ساڵی 1970 بڵاوکراوەتەوە لەوێدا ڕێکس هەوڵیدا کۆشش بکات بۆ ڕەخنەگرتنێکی ڕادیکاڵانە ئەویش لە پێناو دووبارە دراسەکردن و شیکردنەوەی تیۆری کۆمەڵناسی بەو پێودانگەی شەپۆلێکی سەرەکییە لە کۆمەڵناسییدا، هەروەك خەیاڵی ئەو سەبارەت بە بایەخی تیۆر پەیوەستە بە کۆی بایەخەکانی سەبارەت بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی قەیرانەکانی ئەو زانستە هەم لە باری تیۆریی و هەم لەباری میتۆدییەوە. ڕێکس بە پێداگرییەوە بۆ پێداچوونەوە بە هەموو تیۆرە کۆمەڵناسییەکان کە تا ناوەراستی سەدەی بیستەم دەرکەوتبوون، سەرقاڵبوو. بۆیە هەوڵیدا نمایشی ژمارەیەك لە بەدیلە تیۆرییەکان بکات کە سیمایەکی ڕەخنەگرانەیان هەبوو لەگەڵ پێشکەشکردنی گۆشەنیگایەکی هاوچەرخ بۆ گرنگترین ئەو کێشانەی کە کۆمەڵناسەکان دەبێ بایەخی پێ بدەن جا چ لەرووی تیۆری و لە ڕووی میتۆدی و ئەزموونییەوە. لە هەمان کاتدا ڕێکس هەوڵیداوە لە کاتی ڕەخنەگرتنەکانی لە کۆمەڵناسیی تایبەتی و کۆمەڵناسیی گشتی ژمارەیەك لە ئەرکە وەزیفییەکان دیاری بکات کە ناوی لێنا تاسکی کۆمەڵناسی وەك ئاماژەدان بە دوو کۆڵەکەی بنەڕەتی کە ئەوانیش بریتیین لە: 1. پێویستیی بە گەیشتن بە کۆمەڵە نموونەیەك یان نموونەیەکی دیاریکراو بۆ شیکردنەوەی چوارچێوەیەك بۆ نەسەقی کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵناسی هەموو تواناکانی لە شیکردنەوەی بەکاردێنێت 2. پێویستە ئەم نموونەیە پەنا ببات بۆ ڕاڤەکردنی ڕەفتاری مرۆیی ئەویش لە میانەی ئەو ڕۆڵەی لە کۆمەڵگە دەیگێڕێت(Rex, 1961: 175-184).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2.شیکردنەوەی ڕەخنەیی بۆ کۆمەڵگەی مۆدێرن

ڕەگ و ڕیشەیی شیکردنەوەی ڕەخنەیی بۆ نووسینەکانی جۆن ڕێکس دەگەڕێتەوە ئەویش بە بایەخپێدانەکانی بەرایی وەك ئەوەی پیشووتر ئاژەمان پێکردووە، هەروەها بەتایبەت ئەرکی ئەو زانستە گەلاڵە دەبێ لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕاڤەکردنی ڕەفتار بەشێوەیەکی واقعی ئەویش دوور لە ئاراستەی سیاسیی، هەروەها لەبەرئەمەش وای لێکرد ڕەخنە لە ڕێگاچەرە ئەزموونییەکان بگرێت بەتایبەت لەو جۆرەی توێژینەوە کە پشت بە ئامار دەبەستێت واتە ئەو تویژینەوانەی کە دەیانەوێ لە ڕێگەی ئامار و چەند هاوکێشەیەکی چەقبەستوو لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تێبگەین ئەویش بێ زانینی هۆکارە ڕاستەقینەکان کە پەیوەستن بەم ڕەفتارەوە، بۆیە ڕێکس وای وێنا دەکرد کە ئەم جۆرە لە توێژینەوە ئەوەیە کە ژمارەیەك لە گرفتی کۆمەڵناسی دەخاتە ڕوو هەروەها بەشداری دەکات لە ئاڵۆزترکردنی قەیرانی کۆمەڵناسی بەشێوەیەکی گشتی، هەر بۆیە ڕێکس پێداگری کرد لەسەر پێداویستی دوورخستنەوەی ئەم جۆرە لە توێژینەوە و پێیوابوو ناکرێت وا سەیر بکرێت کە بەشێکە لە شیکردنەوەی کۆمەڵناسانە، لەبەرئەمە پێویستە کۆمەڵناسی جەخت لەسەر ئاستی تیۆری و توێژینەوەی ئەزموونی بکاتەوە ئەویش لە خستنەڕووی شێواز و نەزمێك بۆ بیرکردنەوەی زانستی کە بایەخ بدات بە هەموو فاکتەرەکانی پشت هەر ڕەفتارێکی مرۆیی(Rex, 1961: 182).

لە لایەکی ترەوە، جۆن ڕێکس پێیوایە پێویستە تویژەری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسەکان لە ڕەگەز و توخمە سەرەکییەکانی کردەی شۆڕشگێڕی بکۆڵێتەوە کە لە نێو هەموو بونیادە کۆمەلایەتییەکاندا بوونی هەیە و بەجۆرێك لە جۆرەکان ڕەنگدانەوەی ململانێی چینایەتییە لە جیهانی یەکەم و ململانێیە دژی بیرۆکراتیەت لە جیهانی دووەم و دواجار ململانێیە لە دژی هەژاری و نەداری لە جیهانی سێیەم، لە ڕاستیدا ڕێکس لە ڕێگەی ئەم پۆلینەبندییەوە دەیەوێت بڵێت ئەرکی کۆمەلناسی هەبوونی سیمایەکی ڕەخنەگرانەیە بۆ ئەم سێ جیهانە، کە جیهانی یەکەم ئاماژەیە بۆ کۆمەڵگەی سەرمایەداری و جیهانی دووەم ئاماژەیە بۆ کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی و جیهانی سێیەمیش ئاماژەیە بۆ جیهانی دواکەوتوو یان کۆلۆنیالکراو، هەروەها جۆن ڕێکس هەموو هەوڵێکی دا تاکو ئەوە ڕوون بکاتەوە کە بە چ شێوەیەك کۆمەڵناسیی ڕەخنەیی لەم سێ جیهانەدا ئەرکی خۆی دەستپێدەکات و لەم سێ جیهانە دەکۆڵێتەوە ئەویش لە پێناو ڕزگاربوونیان لە ئایدۆلۆژیا، چونکە تاکەکان بەشێوەیەکی گشتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕووبەرووی قەیرانی قەبە دەبنەوە لە جیهانی یەکەمدا، هەروەها ڕێکس تێبینی ئەوەشی کرد کە ئەم کۆمەڵگە و بونیادەکانیشی گرفتەکان تا دێ قووڵتر دەکەنەوە بۆ ئەوەی تاکەکان بە بەردەوامی پێیەوە بناڵێنن، چونکە ئەم کۆمەڵگەیانە بە دوو تایبەتمەندی سەرەکیی دەناسرێنەوە  کە بریتیین لە یەکەم: کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان و دووەم؛ پێکهاتەی چینایەتی. ئەم دوو هۆکار و تایبەتمەندییەی ئەو جیهانە کیشە و قەیرانەکان هەر قووڵتر دەکەنەوە وێڕای قوڵترکردن و دیارکردنی جیاوازی چینایەتی، لە ئەنجامدا چالاکییەکانی ئەو کۆمپانیا زەبەلاح و فرە ڕەگەزانە کۆمەڵێ گرفت بە دوای خۆیاندا دەهێنن:

1. ئاراستەکردنی پرۆژەی سەرمایەداری ـەویش لە پێناو زۆرترکردنی بڕی قازانج.
2. پرۆژەی سەرمایەداری پشت بە میکانزمەکانی قۆرغکردنی بازاڕ دەبەستێت.
3. کۆمەڵێ دەرهاویشتەی وەك پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی خۆشگوزەرانی لەرووی پەروەردە و تەندروستی و هتد بە نرخێکی بەرز.
4. گرفتی کردەنی دروستکردنی بڕیاری سیاسیی و هەوڵدان بۆ پاراستنی سیستەمی  سیاسی و پاراستنی بەرژەوەندییە کەسییەکان و بەرژەوەندییە گشتییەکان؛

بۆیە دواجار ئەم سیمیا و ئەدگارانە شتێك دەخولقێنێت پێی دەوترێت کۆمەڵگەی پاش سەرمایەداری کە زۆر جیاوازە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری(Rex, 1975: 117-125).
دووەم: تایبەتمەندی دووەمی کۆمەڵگەی سەرمایەداری بریتییە لە بەرخۆری، ئەو بیرۆکەیەی کە لە نوسینە سەرەتاییە ڕەخنەییەکانی ڕێکس دەرکەوتووە بریتییە لەوەی کە تاکی سەرمایەداری ناتوانێ قبوڵی بەها سەرمایەدارییەکان بکات، لەبەرئەوە خودی ئەو سیستەمە پەنا دەبات بۆ جۆرێك لە ئەندازیاریی هەمەچەشن بۆ بەکارهێنانی کەلوپەل و زۆربوونی بەرخۆری کە تاك ملکەچ دەگات بۆ ئامانجە بنەڕەتییەکان بۆ نموونە ڕۆڵی دەزگا ڕاگەیاندنە سەرمایەدارییەکان دەردەکەوێت، بۆیە تاك لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری وەك کەسێکی نامۆ دەردەکەوێت.

بۆیە ڕێکس هەوڵیداوە بەرەنجامی ئەو گرفتانە ڕوون بکاتەوە کە پەیوەستن بەو کۆمەڵگەیانەوە، بەم چەشنەی خوارەوە:

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1. گرفتی دەرهاتوو لە ئەنجامی کۆنترۆڵی جەنگ و پەیوەندییە بیرۆکراتیەکان کە پشت بە نەخشەی سەنتراڵی دەبەستێت و ڕۆڵێکی باڵای هەیە لە بەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکان.
2. کێشەی پەیوەندی حزب بە ڕێکخستنەکانی ترەوە کە لەوێدا هەوڵدەدات بۆ سازادانی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی وەك سەندیکا پیشەییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگا خێرخوازییەکان....هتد.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم کێشە گیروگرفتانە وا لەتاکەکان دەکات ببێتە تاکێکی نامۆ لە کۆمەڵگە و جیهانی کۆمۆنیستیدا، دواجار ڕێکس پێیوایە کۆمەڵگەی سێیەم کە خۆی بە جیهانی دواکەتوو یان داگیرکراو باسی لێوە دەکات، هەموو بونیادەکانی کۆمەڵگەکەی جیاوازە لەگەڵ بونیادی کۆمەڵگەی جیهانی یەکەم و دووەم، سەرەرای هەبوونی میراتێکی شارستانیی زۆر گەورە لەو کۆمەڵگە دواکەتووانە، بەڵام کۆڵۆنیاڵیزم ڕۆڵێکی باڵای هەیە لە تێکشاندنی بەها و ئەو میراتە شارستانییە و کۆمەڵگەیەکی شێواو نالەباری لەو میراتە خولقاندووە ئەویش لەرووی ململانێی چینایەتییەوە هەم لەئاستی پاشماوەکانی کۆڵۆنیاڵیزم و هەم لە ئاستی هاوڵاتی ڕەسەنی ئەو وڵات و جیهانە، چونکە زۆربەی کێشەکانی ئەم جیهانە بریتییە لە هەژاری و نەخۆشی و توندوتیژی، چونکە جیهانی سەرمایەداری بەشداری دەکات لە دواخستنی ئەم جیهان و کۆمەڵگەنەدا ئەویش لە ڕێگەی یارمەتیدانی دەسەڵاتداران ئەو کۆمەڵگەیانە بۆ درێژەدان بە دەسەڵات و چەوساندنەوەی میللەتەکانیان، بۆیە پێویستە شۆڕشەکانی ئەو جیهانە دژی چەوسانەوەی ڕژێمی سەرمایەداری نەبێ بە تەنها، بەڵکو پێویستە هەر لە بنەڕەتەوە ئاراستە بکرێن دژی چینی فەرمانڕەوا لە ناوچەکەدا (Rex, 1975:117-120).

## 4: بۆتۆمۆر و کۆمەڵناسیی ڕەخنەیی

تۆم بۆتۆمۆر یەکێکە لە کۆمەڵناسە ئینگلیزەکان کە لە ساڵی 1920 لە بەریتانیا لە دایکبووە و لە ساڵی 1992 کۆچی دوایی کردووە، لە ساڵی 1953 بۆتۆمۆر بۆتە سکرتێری کۆمەڵەی کۆمەڵناسانی نێودەوڵەتی تاکو ساڵی 1959، هەروەها ئامادەکار و وەرگێڕی کۆی بەرهەمەکانی کارل مارکسە و لە ساڵی 1963 کۆی ئەو بەرهەمانەی مارکسی بڵاو کردەوە کە دەچنە چوارچێوەی کۆمەڵناسی و

فەلسەفەی کۆمەڵایەتییەوە. شایەنی باسە بۆتۆمۆر یەکێکە لەو کەسانەی توانیویەتی دامەزرێنەر و سەرنووسەری دەیان گۆڤاری زانستیی کۆمەڵناسیی بێت و یەکێکیش بوو لە ئەندامە سەرسەختەکانی پارتی کرێکاری بەریتانیا. گرنگترین بەرهەمەکانی بریتیین لە (چینەکان لە کۆمەڵگەی مۆدێرن (1965)، مارکس: هەڵبژاردە بەرهەمەکانی لەبارەی کۆمەڵناسی و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی (1963)، کۆمەڵناسی: ڕێبەرێك بۆ کێشەکان (1962)، نوخبەکان و کۆمەڵگە (1964)، ڕەخنەگرەکانی کۆمەڵگە (1967)، کۆمەڵناسی وەك ڕەخنەگرتنی کۆمەڵایەتی (1975)، کۆمەڵناسی مارکسیست (1975)، مێژوویی شیکردنەوە کۆمەڵناسییەکان (1975)، ڕاڤەکردنە مۆدێرنەکانی مارکس (1981)، فەرهەنگێك بۆ هزری مارکسیست (1983)، کۆمەڵناسی و سۆسیالیزم (1984)، تیۆرەکانی سەرمایەداری مۆدێرن (1985)، ڕاڤەکانی مارکس (1988)، چینی سەرمایەدار (1989)، ئابووری سۆسیالیست (1990)، لە نێوان مارگینالیزم(marginalism) و مارکسیزم (1992).

## بۆتۆمۆر و گەشەکردنی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی بە درێژایی مێژوو لە هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکان بە جۆر و ئاستی جیاواز بوونی هەبووە و هەیە، بۆیە بۆتۆمۆر لە کتێبی ڕەخنەگرانی کۆمەڵگە پێیوایە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بە هەموو فۆرمە هەمەچەشنەکانییەوە، لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا بوونی هەبووە، تەنانەت لە سەرەتایی ترین و ساکارترین خێڵەکانی سەردەمی مۆدێرنیش، کە پتر ڕەخنەکانیان ئاراستەی تاك یان گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن سەبارەت بەو ڕێورەسم و ڕیتواڵانەی لە پرۆسەی هاوسەرگیری و جێبەجێکردینی ئەرکە ئایینییەکان دەیگێڕن، بەڵام ڕەخنەکانیان لە چوارچێوەیەکی بەرتەسك و سنورداره، چونکە نەریت و عورفەکانیان جێگیرە و ژیانیان بەسەریەکەوە دژوار و نادیارە و شێوەکانی ڕەفتاریشیان، بە هۆی ترس لە کارەساتی جەرگبڕ ناتوانن بە ئاسانی بگۆڕدرێن. تەنانەت لەو کۆمەڵگەیانەی کە کولتوور و پاشەکەوتی ئابووریان هەیە، جۆرێك ژیانی شاریی و تاڕادەیەك لە چینی ڕۆشنبیری پیشەییان تیا دەرکەوتووە، هەر چەشنە ڕەخنەگرتنێك لە ئەرکەکانی کۆمەڵگە ئاسانتر و دەستکراوەتر دەبن(بوتومور،2011: 29). بۆتۆمۆر دەیەوێ بڵێت ئەو کۆمەڵگەیانەی کە ئاستی هوشیاری و ئاگایی کۆمەلایەتیی و کولتووری و مەدەنیان بەرزە ڕەخنەکانیان جیاوازە لەو کۆمەڵگەیانەی کە سەرەتایین، چونکە لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان ڕەخنەکان پتر لە چوارچێوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاوسەرگیری و ڕێورەسمە ئایینییەکان دەخولێتەوە، بەڵام لەو کۆمەڵگەیانەی کە ئاستی هوشیارییان بەرزە و چینی ڕۆشنبیریی پیشەیی و خوێندەوارییان هەیە، ڕەخنەکان ڕاستەوخۆ ئاراستەی کۆمەڵگە وەك گشتێك دەکرێ و هیچ جۆرە سڵەمینەوەیەك لە ڕەخنەگرتن بوونی نییە.

هەروەها بۆتۆمۆر پێیوایە کۆمەڵگە ئەوروپیەکان بەدرێژایی چەند سەدەیەك ئینجا ڕەخنەی کۆمەڵایەتی توانی پەرە بستێنێت و چەند تایبەتمەندییەك وەربگرێت و کۆمەڵگەکانیان بەسەرکەوتووی بەرەو قۆناغێکی تر بەرن و تەکانێکی ئەرێنیی پێ بدەن بۆیە بۆتۆمۆر سێ تایبەتمەندیی ئەو ڕەخنە کۆمەڵایەتییانە دەخاتە ڕوو ئەوانیش:

1. یەك لەدوایەکهاتنی قۆتابخانە فیکرییەکانە کە لە سەردەمی جیاوازدا، ببونە سەنگی مەحەکی ڕەخنەگرتن لە دۆخیی هەنووکەیی کۆمەڵگە و کاریگەریی بەرچاویش لەسەر تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیانە بەجێ بهێڵن، ئەم قوتابخانە فیکرییانە لە فەرەنسا بریتی بوون لە سۆسیالیستەکان، سەن سیمۆنییەکان و بوونگەراکان، لە بەریتانیا سوودگەران و فابینەکان بوون.
2. تایبەتمەندیی دووەم گوزارشتە لە کۆمەڵێ پرۆسەی هەمەچەشن ڕەخنەی کۆمەلایەتی و دژە ڕەخنەیی بەرامبەر ئەو بزوتنەوە فیکرییانەی کە پێشتر باسمان کرد کە دەکرێ وەك نوێنەرانی چەپ و ڕاست لە سیاسەت پێناسە بکرێن. ئەم تایبەتمەندییە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم دەرکەوت، لەم سەردەمەشدا ئایدۆلۆژیا گەورەکانی وەك: سۆسیالیزم، کۆمۆنیزم، ناسیونالیزم و ئیمپرالیزم و ڤاشیزم دروستبوو، کە هەوڵیان دەدا زۆر گشتگیرانە کۆی کۆمەڵگەکانیان بخەنە بەر ڕەخنەوە.
3. سێیەمین تایبەتمەندی و گرنگی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی مۆدێرن پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە بزوتنەوە ئۆپۆزیسیۆنی و نارەزایەتیکەرەکانەوە هەیە، واتە کۆمەڵێ گرووپ و بزوتنەوە و دەستە هەڵدەستن بە دەربڕینی نارەزایەتییەکانیان سەبارەت بەو کۆمەڵگەیانەی لێی دەژێن ئەویش لە پێناو دەستەبەرکردنی ژیانێکی مەدەنی و بیناکردنی پارتی سیاسی بەشێوەیەکی ئازادانە، چونکە هزری ڕەخنەیی بەردەوام لەگەڵ جۆرێك لە بزوتنەوە جەماوەرییەکان هاوشانە(بوتومور، 2011: 39).

هەروەها نابێ ئەوەمان بیر بچێت کە بۆتۆمۆر سەرەتای ڕەخنەگرتنەکانی لە کۆمەڵگە بۆ کتێبێکی دەگەڕێتەوە کە لە ساڵی 1975 بڵاویکردەوە بەناوی کۆمەڵناسی وەك ڕەخنەگرتنی کۆمەڵایەتی و، لەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کتێبەدا دەکرێ بڵێین چوارچێوە فیکرییە ڕەخنەییەکانی خۆی دارشت. بۆتۆمۆر ڕەخنەی لە کۆمەڵگە دەگرت و پێیوابوو دەبێ گشتگیرانە لە کۆی بونیادەکانی کۆمەڵگە بروانین و ڕەخنەی لێ بگرین. بەتایبەت لە کتێبی ڕەخنەگرانی کۆمەڵگە.

لە لایەکی ترەوە، بۆتۆمۆر بەوە ناسراوە کە مارکسییەکی سکۆلارە ئەویش لە کتێبێکی بەدەرکەوت کە لەگەڵ ڕۆبڵ بەناوی (کارل مارکس: چەند نوسراوێك سەبارەت بە کۆمەڵناسی و فەلسەفە، مانا و تێگەیشتنێکی جیاوازی بۆ دیدی مارکس هەبوو کە زیاتر کۆمەڵناسانە بوو، هەر لەم ڕووەوە لە کتێبی **چینەکان لە کۆمەڵگەی هاوچەرخ** ڕەخنە لە مارکس دەگرێت بەتایبەت لە سێ ڕووەوە ڕەخنەی لێ دەگرێت لەوانە:

1. ئەو بایەخەی مارکس کە بۆ چین و ململانێیە چینایەتییەکان داینابوو لە گۆرینی مێژوویی لە کۆمەڵگە مرۆییەکان، ڕەچاوی فاکتەرەکانی تری نەکردووە.
2. مارکس نەیتوانیوە کۆی پەیوەندییە چینایەتییەکان لە کۆمەڵگە هەمەچەشنەکان بدۆزێتەوە.
3. لە بونیادی کۆمەڵگەی مۆدێرنەدا لە پەیوەندی نێوان بۆرجوازیەت و پرۆلیتاریا قوول نەبۆتەوە(Bottomore, 1991: 19-25).

## ڕۆڵی ڕەخنەیی بژاردەکان

تۆم بۆتۆمۆر لە کتێبی بژاردەکان و کۆمەڵگە تیۆرەکەی خۆی لەبارەی ڕۆڵی ڕەخنەیی بژاردەکان باس دەکات، هەم لەو کۆمەڵگەیانەی کە کۆمەڵگەی پێشکەوتوون و هەم لەو کۆمەڵگەیانەی کە بونیادە کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەکانیان لە ئاستێکی نزمدایە. بۆتۆمۆر پێیوایە کە ڕۆڵی بژاردەکان قسەکردنە لەبارەی ئەو نایەکسانییەی کە لە کۆمەڵگەکاندا هەیە، هەر بۆیە پێیوایە لە نێو جۆری مرۆڤ دوو چەشنە نایەکسانی هەیە. جۆری یەکەمی نایەکسانی سروشتی یان جەستەیی پێدەوترێت، چونکە بەشێوەیەکی سروشتیی هاتۆتە کایەوە و لە ڕووی تەمەن، تەندروستی و دەسەڵاتی جەستەیی و چۆنایەتی زیرەکی و تێگەیشتندا ڕەنگی داوەتەوە، هەرچی جۆری دووەمیشیانە ئەشێ بە نایەکسانی ئاکاریی یان سیاسی لە قەڵەمی دەدات، چونکە پەیوەستە بەو گرێبەستەوە کە بەهۆیەوە کۆدەنگییەك لە نێو مرۆڤەکاندا هاتۆتە کایەوەو ڕەوایەتی وەرگرتووە. ئەم نایەکسانە پێکدێت لە جیاوازییەکانی مرۆڤ لە ڕووی سوودوەرگرتنە کۆمەڵایەتییەکان کە هەندێ کەس لە بەراورد بە

کەسانی تر پتر سوودی لێ وەردەگرن و دەوڵەمەندتر و بەهێزتر و بەرێزتردەبن بە بەراورد بە کەسانی تر (باتامور، 2002: 156).

بۆتۆمۆریش لە فەرهەنگی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی بیستەم بە وردی درێژە بە تیۆرەکەی سەبارەت بە بژاردەکان دەدات و پێیوایە تێرمی (élite) لە فەرەنسای سەدەی حەڤدە بۆ وەسفکردنی ئەو کاڵا دیار و باڵایانە بەکاردەهێنرا کە گرووپێکی کۆمەڵایەتیی ئەو پێدراوەیان هەبوو. هەر بۆیە ئەو چەمکە لە بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی هێندە بەکارنەهێندرا تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە لە رێگەی تیۆرەکانی ڤیلڤێردۆ پاریتۆ و گاتانۆ مۆسکا برەوی پێدرا. پاریتۆ پێناسەی بژاردەکانی دەکرد وەك ئەو کەسانەی کە پێگەیەکی باڵایان هەیە لە چالاکییەکانی خۆی کە دواتر بە بژاردە دەستباڵاکان ناودێری کرد و لە بەرامبەر خەڵکی رەشۆك بەکاریدەهێنا(آوتویت و باتامور، 2013: 914).

هەروەها بۆتۆمۆر تاڕادەیەك بەشێوەیەکی جیاواز لە بۆچوونەکانی س ڕایت میلز بۆ بژاردەکان دەیڕوانی، چونکە میلز لە کتێبی بژاردەکانی دەسەڵات، بژاردەکانی دەسەڵاتی لە سەرووی تێرمی چینی دەسەڵاتدارەوە داناوە و پێیوایە بژاردەکانی دەسەڵات بە پێی ئامرازەکانی دەسەڵات و وەك ئەو کەسانەی کە پۆستە سەرەکییەکانی فەرمانڕەواییان بەدەستەوەیە لێکبداتەوە، هەر بۆیە سێ گرووپ لە بژاردەی سەرەکیی دەستنیشان دەکات ئەوانیش سەرۆکی کۆمپانیاکان و سەرۆکە سیاسیەکان و فەرماندە سەربازییەکان و هەر یەکە لەو جۆرانە پەیوەندییەکی شاراوە و نادیارییان بە یەکەوە هەیە و ئەکرێ بەبەردەوامی جۆرێك لە گرووپی پەیوەست بە یەك پێکبهێنن، بەڵام بۆتۆمۆر ڕەخنە لەم پۆلینبەندییەی میلز دەگرێت و پێیوایە کە میلز هیچ کات بە جدی باسی لەو پرسە نەکردووە و ناتەواوییەکی سەیر لە تیۆرەکەیدا هەیە، چونکە لای بۆتۆمۆر بژاردەکان دەبێت ڕوانگەیەکی ڕەخنەییان سەبارەت بەو پرسانە هەبێت کە لە ژیانی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی ڕوودەدات، نەك ئەوەی ببنە سەردەستی ئەو ژیانە(بۆتۆمۆر، 2008: 40-41).

## ئەنجام

دواجار دەکرێ بڵێین تیۆری ڕەخنەیی هاوچەرخ یەکێکە لە تیۆرە هەرە دیار و تازەکانی نێو ئەدەبیاتی کۆمەڵناسی و بایەخێکی یەکجار زۆری هەیە. بێجگە لەوەی بەشدارییەکی کارا و تۆکمەی هەیە سەبارەت بەو بەشدارییانەی لە بیرکردنەوەی کۆمەڵناسیی بەشێوەیەکی گشتیی، هەروەها ئەم تیۆرە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەم دواییەدا بۆتە جێی بایەخی کۆمەڵێ بیرمەند و کۆمەڵناسی دیار و ناسراو، هەروەها هەر یەك لەو کۆمەڵناسانەش کۆکن لەسەر ئەوەی کە پێویستە لە دنیای مۆدێرن بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە لە دیاردە و واقعە کۆمەڵایەتییەکان بڕوانین، ئەکرێ بڵێین ئەم بۆچوونە ڕەگێکی مێژوویی هەیە، نەك ئەوە بەڵکو خودی تیۆری ڕەخنەیی هاوچەرخیش دەرەنجامی ئەو ڕەگە مێژووییەیە کە بۆ بەشدارییەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت دەگەرێتەوە لە هەوڵەکانی بۆ شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ کۆمەڵگە، هەر بۆیە هەر یەك لە میلز و بۆتۆمۆر و ڕێکس و گۆڵدنەر کاریگەربوون بەو دیدە ڕەخنەییەی قوتابخانەی فرانکفۆرت و بۆیە لینك و پەیوەندییەکی ئاشکرای فیکریی لە نێوان ئەو چوار ئاراستە ڕەخنەییەی نێو کۆمەڵناسییدا هەیە. شایەنی باسە تیۆری ڕەخنەیی هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیدا جەخت و ڕۆشنایی زۆر دەخاتە سەر ئەو قەیرانەی ڕووبەرووی کۆمەڵناسی بۆتەوە، هەر لەبەر ئەمەشە هەموو هەوڵەکانی خۆی دەخاتە گەڕ تاکو بتوانێ ڕێگاچارە بۆ ئەو قەیرانانە بدۆزێتەوە کە بەرۆکی کۆمەڵناسی گرتووە.

## سەرچاوەکان

1. Birnbaum, Norman (1968) Toward A Critical Sociology, Oxford University Press.
2. Bottomore, T. B. (1991) Classes In Modern Society, Harper Collins Academic, Routledge.
3. Giddens, Anthony (1986) Sociology: A Brief but Critical Introduction, 1986, Second Edition, Macmillan Press.
4. Gouldner, Alvin W. (1969) The Hellenic World A Sociological Analysis, The Free Press.
5. Gouldner, Alvin W. (1970) The Coming Crisis of Western Sociology, University of Chicago Press.
6. Mills, C. Wright (1959) The Sociological Imagination, 40th Anniversary Edition, Columbia University Press.
7. Rex, John (1975) Sociology and Demystification of Modern World, London, Routledge.
8. Rex, John (1961) Key Problems of Sociological Theory, London, Routledge.
9. Turner, Bryan (2006) The Cambridge Dictionary of Sociology, Cambridge Press.
10. آوتوِیت، ویلیام، باتامور، تام؛ (2013)، فرهنگ علوم اجتماعی قرن بیستم، ترجمەی حسن چاوشیان، تهران: نشر نی.
11. باتامور، تی بی (2002)، نخبگان و جامعه، ترجمه علیرضا طیب، انتشارات شیرازه، چاپ دوم، ، تهران.
12. باتامور، تی بی (2011)، منتقدان جامعه: اندیشه اجتماعی ڕادیکال در امریکای شمالی، ترجمه محمد جوهر کلام، انتشارات مهر ەیستا، تهران.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

13. بۆتۆمۆر، تۆم (2008)، ئیلیتەکان و کۆمەڵگە، وەرگێڕانی ناسر ئیبراهیمی زادە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
14. تقی، آزادارمکی( 2010)، نظریه های جامعه شناسی، نشر صدا و سیمای جمهوری اسلامی ایران، تهران.
15. تنهایی ، حسین ابوالحسن (1998)، درآمدی بر مکاتب و نظریه های جامعه شناسی ، نشر مرندیز ، تهران.
16. حسینی، السید (1985)، نحو النظریة اجتماعیة نقدیة، بیروت، دار النهضة.
17. ریتزر، جورج (1995)، نظریه های جامعەشناسی، ترجمه دکتر محمد صادق مهدوی و همکاران، مرکز چاپ و انتشارات شهید بهشتی، تهران.
18. ریتزر، جورج (2007)، نظریه جامعه شناسی در دوران معاصر، ترجمه محسن ثلاثی، انتشارات علمی، تهران.
19. ریتزر، جورج (2011)، مبانی نظریه جامعه شناختی معاصر و ڕیشه های کلاسیک آن، ترجمه شهناز مسمی پرست، نشر ثالث، تهران.
20. سیدمن، استیون (2015)، کشاکش آرا در جامعەشناسی، ترجمه هادی جلیلی، نشر نی، تهران.
21. عضدانلو، حمید ، (2006)، آشنایی با مفاهیم اساسی در جامعه شناسی، چاپ سوم، نشر نی، تهران.
22. گلدنر، آلوین (2009)، بحران جامعەشناسی غرب، ترجمه فریده ممتاز، شرکت سهامی انتشار، تهران.
23. گیدنز، ئەنتۆنی (2013)، سیاسەت، کۆمەڵناسی و تیۆری کۆمەڵایەتی، وەرگێڕانی دانا شوانی، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کۆردستان، هەولێر.
24. لالمان، میشل ( 2015)، تاریخ اندیشەهای جامعەشناسی: از پارسونز تا اندیشمندان معاصر، ترجمه عبدالحسین نیکگهر، نشر هرمز، تهران.
25. لش، اسکات (2017)، جامعه شناسي پست مدرنیسم، ترجمه حسن چاوشیان ، نشر مرکز، تهران.
26. میلز، چارلز رایت (2005)، بینش جامعه شناسانه، ترجمه عبدالمعبود انصاری، نشر شرکت سهامی انتشار، تهران.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Contemporary Critical Theory in Sociology

**Asst. Lect. Dana Lateef Shwani**

Department of General Education, College of Education and Language, Lebanese French university, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

Dana.jalal@lfu.edu.krd

***Keywords:*** *Criticism, Critical Sociology, Theory, Sociological Theory, Sociological Imaginational*

## Abstract

Contemporary critical theory in sociology is one of the newly developed theories that have a lot of importance because in a negative view it looks at the life of our society and sheds light on the points and corners of the life of the community that deserves to be criticized. This theory of the beginning of the production in a scattered way for the books of Comte, Spenser, Durkheim, and Weber will be returned, and it will be published in a way an academic that has its own framework, methodology, and the hand goes back to The Mills works which is the political, social, economic, and cultural life The United States criticizes and believes that republicans should have a social imagination to understand and read radically or to the community. Later on, this theory of sociologists such as Gouldner, Rex, and Bottomore reached its peak, so our main purpose in this research is to show the critical view of sociology, and this has been done through the method of analyzing content and Library.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# نظرية النقد المعاصرة في علم الاجتماع


## ملخص

النظرية النقدية المعاصرة في علم الاجتماع هي واحدة من النظريات المتطورة حديثا التي لها أهمية كبيرة لأنها من وجهة نظر نقدية تنظر إلى حياة مجتمعنا وتلقي الضوء على نقاط وزوايا حياة المجتمع الذي يستحق النقد. ترجع هذه النظرية بطريقة مختلفة لكتابات كونت، سبنسر، دوركهايم، ويبر سوف تعاد، وسيتم نشرها بطريقة أكاديمية لها إطارها الخاص، ومنهجيتها، ويدها، تعود إلى أعمال ميلز التي هي نهاية الحياة السياسية والاجتماعية والاقتصادية والثقافية وهو ينتقد أمريكا ويعتقد أن السياسيين يجب أن يكون لديهم خيال اجتماعي لفهم وقراءة جذرية للمجتمع. في وقت لاحق ، وصلت هذه النظرية الى قمة ذروته من قل علماء أمثال غولدنر، ريكس، وبوتومور ذروتها، لذلك يمكن القول الهدف الرئيس من هذا البحث يرجع الى اتبيان وجهة النظر النقدية لعلم الاجتماع، وقد تم ذلك من خلال طريقة تحليل المحتوى والمكتبية.


الكلمات الرئيسية: النقد، علم الاجتماع النقدي، النظرية، النظرية الاجتماعية، الخيال الاجتماعي